# شەڕی ژن و خودا



**پۆلا سەعید**

به بەرد ژن دەکووژن
چونکە لای ئەوان ژن شەیتانە
به دەیان پیاو یەک ژن دەکووژن
چونکە کووشتنی ژن لای ئەوان فەرمانی یەزدانە،
وەک ئەوەی گەورەیی خودا لە کووشتنی ژندا بێت
وەک ئەوەی خودا دوژمنایەتی لەگەڵ حەوادا بێت،
بە بانگی "الله اکبر" ژن دەکووژن
ژن قوربانیی باڵادەستیی پیاوە
گیاندارێکە بۆ سەربڕیین وەک مەڕ و بزن،
ژنان نەوەی حەوان
سنوورەکانی قەدەغە دەسڕنەوە
مەلێکی لە بەهەشتەوە هاتوون دڵرەقیی خودا ئەگێڕنەوە،
هەستی ژنێک لە پەڕەی گوڵ ناسکترە
دەرپێی ژنێک لە باڵادەستیی پیاو ئابڕوومەندترە، ( پۆلا سەعید )

ئەڵمانەکان دەڵێن: نەبوونی وەڵام واتای هەبوونی وەڵامێکی باشە، بێدەنگییکردنی دەستەڵاتی سیاسیی کوردیش بەرانبەر دەستدرێژییکردنە سەر ژنان واتای ڕەزامەندییبوونیانە، ئاخر مەگەر لە ئەفغانستاندا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی تالیباندا هێندەی ئەم سێ مانگەی باشووری کوردستان ژن کووژرا بێت. هەڵبژاردنی بێدەنگیی بەرانبەر ئەم ڕەوشە کێویلگەرییە گەورەترین زەنگی مەترسییە بۆسەر ئاسایشی ژیانی ئایندەی ژنان و کچانی کورد لە باشووری کوردستاندا.
زۆرینەی ئایینەکانی جیهان ڕێکن لەسەرئەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆسەر ئادەم و حەوا، ئەمە ئەسپێکتێکی ئایینییە و دەتوانین وەک گریمانێک وەریبگرین، لێ خودی ئەم چیرۆکە ئایینییە ناچارمان دەکات کۆمەڵێک پرسیار لەبەردەم بوونیەتی خودا و ئادەم و حەوادا قووتبکەینەوە. خودا لەلای مەسیحییەکان و یەهوود و ئیسلام مرۆڤی لە

قوورِ دروستکردووە، بۆ ژیرکردنی ئادەم لە بەهەشتدا خودا چەند ئاژەڵێکی دەداتێ، لێ ئاژەڵەکان سووکنایی بە ئادەم نادەن، پاشان خودا پەراسوویەکی ئادەم وەردەگرێت و حەوای لێدروست دەکات. ئادەم ماوەیەک سووکنایی بە حەوا دێت، پاشان ڕۆژێک لە باخەکەی خودادا (بەهەشت) ماری هێرا دێتە سەر ڕێگای حەوا، کە لە هەرسێ ئایینی ناوبراودا بە شەیتان ناوبراوە، حەوا هاندەدات، کە لە بەری درەختی زانست بخوات، حەوا دەیخوات و پاشان ئادەمیش فێردەکات، کە لێیبخوات، ئەمەش تووڕەیی خودای لێدەبێتەوە و دەبێتە هۆی دەرکردنی هەردووکیان لە باخەکەی خودادا. سزای حەوا پەروەردەکردنی منداڵە و ئادەمیش دەبێت لە کێڵگەکاندا ماندووبێت بە جوتیارییەوە. مەسیحییەکان دەڵێن: ئادەم نۆسەد و شەست ساڵ ژیاوە و دوای دەرکردنی لە بەهەشتدا سێ کورِ لە حەوا دەخاتەوە بە ناوی ( کاین، ئابل، سێت)ەوە، لێ لە هیچ شوێنێکدا باس لە کچ نەکراوە و ناوی کچیش نەهاتووە.

گەورەبوونی ئەقڵ جارِنامەی مەرگی خودایە، ئەو مرۆڤەی باوەڕی بە خودا هەیە لەبەردەم نهێنییەکانی ئەم ژیانەدا هەم سەرسام و هەم بێدەستەڵاتە. مرۆڤی کۆن لە کاتی ڕاوکردندا، کە توانای بەسەر نێچیرێکیدا نەبووبێت و لێیترسابێت ئەوا سەرەتا بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکەیدا وێنەی نێچیرەکەی لەسەر بەردێک هەڵکۆڵیوە. مرۆڤ هەموو ئەو کاتانەی ترسی لە خوداکەی کەمبووبێتەوە یان نەمابێت یان نهێنییەکانی ئاشکرا کردبێت لێیدوورکەوتۆتەوە و باوەڕی پێنەماوە ئیدی هەر لە مانگ، ئاسمان، ئەستێرە، خۆر، باران، هەورە بروسکە ... هتد. کە نیچە دەڵێ: خودا مردووە لەو ڕوانگەیەوە باس لە مردنی خودا دەکات، کە پێگەیشتوویی ئەقڵی مرۆڤی مۆدێرن و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دونیا لەلایەن خودی مرۆڤەوە بانگەشەیە بۆ مردنی خودا، ئیدی ئەو خودایە ئەو قورساییەی نامێنێت، کە خاوەنی هەموو نهێنییەکانی ژیان و سروشت بێت بەڵکوو مرۆڤی مۆدێرن ئەو شکۆیە لە خودا وەردەگرێتەوە و دەیکاتە موڵکی خۆی. نیچە دەڵێ: خودا لە باخەکەیدا کاتێک هیچ شتێک نییە خۆی پێوە خەریکبکات چیی دەکات؟ بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەم بێتاقەتییەدا مرۆڤ دروستدەکات، دروستکردنی مرۆڤ لەلایەن خوداوە خودا سەرقاڵ دەکات، لێبەڵێ خودی مرۆڤیش لە دەستبەتاڵییدا بێتاقەت دەبێت و پێویستی بەوەیە شتێک بدۆزێتەوە خۆی پێوە خەریکبکات. بەزەیی خودا لە کاتی پێویستدا، کە هەموو بەهەشت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆ سەرقاڵکردنی مرۆڤ و ڕزگارکردنی لە بێتاقەتیی ئاژەڵێکی بۆ دەنێرێت، وەلێ مرۆڤ بێتاقەتیی بە ئاژەڵ دەرناچێت، بگرە ئەو ناشیەوێت خۆی وەک ئاژەڵێک بناسێنێت، لێرەدا خودا چیی دەکات؟ بێگوومان ژن دەنێرێتە بەهەشتەوە بۆ ڕەوانەوەی بێتاقەتیی مرۆڤ، لێرەدا بێتاقەتیی مرۆڤ بە مێینەیەک کۆتایی پێهات، وەلێ کێشەی دی بەدوادا دێت. یەکەم هەڵەی خودا دروستکردنی مرۆڤ بوو دووهەم هەڵەی دروستکردنی مێیینە بوو. ژن لە دوای ماری " هێرا"وە گیانداری خودا بوو، خوداکانیش هەموو دەزانن، کە هەموو دەردێکی بێچارە لە جیهاندا لە ژنەوە سەر هەڵدەدات، سەرکەوتووانە زانست لە ژنەوە دێتە ژیانەوە، بۆ

یەکەمیینجار مرۆڤ لە ژنەوە فێری تامکردنی درەختی زانست دەبێت، ئەدی دوای ئەم تامە چیی ڕوویدا خودا ترسێکی گەورەی لێ پەیدا بوو، کە خودی دروستکردنی مرۆڤ لەلایەن خوداوە گەورەترین هەڵەی خودا بوو، مرۆڤ لە زانست نزیکدەبێتەوە کەواتە مەترسییان هەیە بۆسەر خودا، زانست قەدەغەیە، زانست زینایە و یەکەمیین زینای مرۆڤ بووە بەرانبەر بە خودا. ترسی جەهەننەمیی خودا لە مرۆڤ وادەکات فەرمان بدات، کە مرۆڤ بیرنەکاتەوە و خۆی لە زانست نزییک نەکاتەوە، نرخی مرۆڤ چەندە بەرانبەر بە زانست؟ ئەمەش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک کێشەیەکی گەورە دەمێنێتەوە، ئەدی وەڵامی خودا چییە بۆ ئەم پرسیارە؟ وەڵام: مرۆڤ لە بەهەشتدا فڕێبدەنە دەرەوە. خودا لە بەهەشتدا شەڕی مرۆڤی پێ نەکرا بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە لە دەرەوەی بەهەشتدا خودا شەڕ دەنێتەوە نەتەوەکان لەیەکتریی جودا دەکاتەوە و لەناویەکدا دەیاندات بە شەڕ، مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا دەدات بەیەکدا، ئەو پیاوەی، کە ژن لە بەهەشتدا فێری بوێریی کرد، ئەو پیاوە کۆیلەیەی خودا، کە ژن لە بەهەشتدا فێری بیرکردنەوەی هەبوونی بیروڕا و ئازادیی خۆی کرد، هەنووکە لەسەر زەویی ڕۆڵی خودایەکی دڵڕەق دەبینێت، لێ ژنەکەی سەر زەویی وەک حەواکەی بەهەشت بوێر و ئازا نییە، پێویستە ژن حەوایەکی ببێت هەتا هەموو ئەو پیاوانەی ڕۆڵی خودا دەبینن لەسەر زەوییەوە بیاننرێتەوە بۆ باخەکەی خودا. خوداکان هەمیشە پێویستیان بە شەڕ بووە بۆ تێکدانی ئاشتی و تێکشکاندنی زانست. دوعا حەوایەکی حەڤدە بەهار بوو سەدان خودا دەوریاندابوو، ئاخر خودا لە بەهەشتدا بۆ نیشاندانی ڕوویەکی شیریین نەیویست بە دەستەکانی خۆی حەوا بکووژێت، بۆیە ئەو ئەرکەی بە پیاو سپارد، ڕۆحێکی ڕێسێنتیمۆی لە پیاودا چاند، کە هەموو خەتاکان بکاتە ئەستۆی ژن، خەتای تۆیە من لە بەهەشت دەرکرام، خەتای تۆیە من لە کێڵگەکاندا ڕەنجدەدەم، ئەی ژن لە تۆڵەی ئەمە تۆ دەبێت هەموو تەمەنت کۆیلە و نۆکەری من بیت. خودا تۆڵەی خۆی لە حەوا دەکاتەوە، شەیتان تۆڵەی خۆی لە مرۆڤ دەکاتەوە، چونکە خۆی پێ ڕەسەنتر و گرانترە، پیاو تۆڵەی خۆی لە ژن دەکاتەوە، چونکە بۆ دروستکردنی ئەو پەراسوویەکی ئەم بەکارهێنراوە، چونکە بەهۆی ئەوەوە لە بەهەشت دەرکراوە. خودا نەیتوانی حەوا دیل بکات سنوور بۆ ئازادییەکانی بکێشێت، هەنووکە ئەگەر پیاوان چەندیین هەزارساڵیش کردبێتیان هێشتا هەر سەرنەکەوتوون، چونکە بە میلیۆنەها ژن هەیە نەیانهێشتووە لەلایەن پیاوەوە کۆیلەبکرێن و سنوور بۆ ئازادییەکانیان بکێشرێت باشترە دەست لە توندوتیژیی هەڵبگرن و لەگەڵ ژن کار بکەن دژ بە خودا نەک ببنە خودا دژ بە ژن.

26.04.2007